# بە" دوعا " من " کورد" نیم !

**تاهیر ساڵح شەریف**
taher4@msn.com

دوعا ئەو کیژۆڵە بێدەسەڵاتەیە کە لەلایەن کۆمەڵێک دڕندەوە ئاپووره دراوە . کۆمەڵێک دڕندە، کە جلوبەرگی مرۆڤیان لەبەردایە، پەلاماری جەستەی مرۆڤێکی بێدەسەلات دەدەن . بە شانازییەوە، بە بلۆک و بە بەرد، ڕۆحی پاکی لە جەستەی ناسکی جودا دەکەنەوە. ئەم دیمەنە دڕندەییە لە ترسناکترین فیلمە مێژووییەکانیشدا نابینرێت .

ئێستا ئیتر " دوعا " لە ناو ئابلۆقەی ئەم دڕندانەدا نازانێت شەوە یان ڕۆژە ؟!.. خەو دەبینێت یان هەر بەڕاستی لەناو جەنگەڵستانەکەدایە ؟!.. خواو فریشتەکانیشی لە پڕخەی خەودان و ئاگایان لەوە نییە کە مرۆڤێک لەو جەنگەڵستاندا تا چەند چرکەیەکی دیکە پارچە پارچە دەکرێت !.. جارێکی دیکە عیسا لەبەردەمی کەنیسەکەی بەعشیقەدا لە خاچ دەدرێتەوە !.. قەشەش بێدەنگە !.. لە بەردەمی بارەگاکەی شیوعییەکانیی بەعشیقەشدا، ڕۆزالگزەمبۆرگێکی دنیای دەرەوەی کۆمۆنیزم نەک گولە باران، بەڵکو بلۆکباران دەکرێتەوە، کەچی مێشکیشیان میوان نییە !.. لە بەردەمی وێنە( 4x3) ەکەی مەلامستەفادا، لەیلا قاسمێک نەک لە سێدارە دەدرێت، بەڵکو بە بلۆک گیانی دەهاڕدرێت، کەچی مەسعودی کوڕی، ئەو پەندە کوردییە دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێت:" کوڕی خۆم ناکەم بە قوربانی کچی خەڵکی ! "، بەڵام کچی خەڵکی کردە قوربانی بەرژەوەندییەکانی بنەماڵەکەی و " دوعا" ی 17 ساڵەی خستەوە بەردەمی دڕندەکان !.. ئێستا هیچ فریادڕەسێک نییە تا ئەم نێچیرە ئاسک ئاسایە لە چنگ پەلاماری جانەوەرە خوێنخۆرەکانی سەدەی بیست ویەکەم ڕزگار بکات !..

ئێستا ئیتر " دوعا" بە پێچەوانەی هەموو مرۆڤێکەوە بیر دەکاتەوە و لەمەرگ ناترسێت !.. پەلە لە مەرگ دەکات و بە پەرۆشەوە پێشوازی لێدەکات !. مەرگ فریام بکەوە!.. لە دەست ئەم دڕندانەو لەم جەنگەڵستانەدا ڕزگارم بکە ! ..

ئەوە تەنها دوعای "دوعا"یە !.. مەرگ تەنها فریادڕەسە بۆ دوعا.. تەنها مەرگ دەتوانێت کۆتایی بەم خەونە ترسناکەی دوعا بهێنێت و بۆ هەتا هەتایە ئەم جەنگەڵستانە( کە ناوی کوردستانە و ئەم دڕندانەی کە جلوبەرگی مرۆڤیان لەبەرکردووە ) لە بەرچاوی پڕ لەخۆشەویستی و بێهیوایی ئەودا وونبکات .. ئێستا " دوعا " بەدەم ئازار و ژانی بلۆک پیاکێشاندا، لەخۆی دەپرسێت :

" ئاخ.. من لە کوێی ئەم سەرگۆی زەوییەدا لە دایک بووم !.. لەناو ئەو دڕندانەی کە ئاینیان یەزیدییە و ناسنامەی نەتەوەیشیان کوردە ! .. چەند دڕندەن .. بۆ وام لێدەکەن !.. تەنها بەوتاوانەی کە مرۆڤێکم خۆشدەویست !.. خۆشەویستی لە ناو ئەم دڕندانەدا گەورەترین تاوانە !.. من ئەم تاوانە دەکەم تا لەم جەنگەڵستانەدا ببمە سیمبوڵی " ئازادی خۆشەویستی و عەشقی ئازاد "!.. بەڵام ئەوەشتان لە بیر نەچێت، ئەگەر سەر لەنوێ زیندوو ببمەوە و بگەڕێمەوە ناوتان، ئەوجا پێتان دەڵێم : بە دوعا.. من کوردنیم ، چونکە شەرمە بۆ من خۆم با تاکێکی ئەو نەتەوەیە بزانم کە مرۆڤ لە سەرخۆشەویستی و عەشقی ئازاد، بەم شێوە دڕندانەیە بەرد باران و پارچە پارچە بکات !".

کەنەدا - تۆرۆنتۆ
2007/ 5 / 1

تێبینی : ئەم وتارە، تەنها وتارێکە لەژێر کاریگەری کوشتنی دڕندانەی دوعادا نووسراوە و زیاتر لایەنێکی ئحساسی زاڵە بەسەریدا . لە وتارێکی تایبەتیدا، هەولدەدەم بە بەڵگەوە بچمە سەر ئەو ئامانجە سیاسییە دڕندانەیەی کە لە پشتی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەوە هەیە و پارتەکەی مەسعود بارزانی تاونباری یەکەمە لە کوشتنی دوعادا .